# ئێمە ئازادیمان ئەوێت
# ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر

هیدایەت مەلا عەلی
2005_12_23

مەلا و ئیسلامیەکان ئەیانەوێت سرودی ئەی ڕەقیب بگۆڕن , تالەبانی و بارزانی ئەیانەوێت سوولاحیەتی سەرۆکایەتیەکانیان دیاری بکەن , ئێمەش ئەمانەوێت ئازادی بیروڕاو تەعبیرکردن لە فکرو بۆچوونەکان لە لایەن ئینسانەکانەوە ببێتە یاساو لە کۆمەڵگادا بەرقەرار بێت . ئازادی ئەمڕۆ بۆ خەڵکی کوردوستان و بۆ تەواوی کۆمەڵگا بۆتە یەکێك لە پێداوویستیە هەرە چارەنووس ساز و حەیاتیەکانی ژیان , ئازادی ئەو کلیلەیە کە دەتوانێت دەرگای بەدەست هێنانی ماف و خواستەکانی خەڵکی ناڕازی و نوسەران و ئازادیخوازان و سەرجەم ئینسانەکان بکاتەوە, بۆیە دەسەلاتداران بەهەر شێوەیەك بۆیان بکرێت دەیانەوێت ئەم دەرگایە دابخەن و سەرکوتی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵکی بکەن چەند مانگێکە دکتۆر کەمالی سەید قادر لەلایەن پارتیەوە دەستگیر کراوەو چەند ڕۆژێکیشە بە پێی هەواڵەکان , لەبەناو دادگایەکدا 30 ساڵ زیندانی بەسەر دکتۆر کەمالی سەید قادردا فەرز کراوە . هیچ بیانوویەك لەلایەن پارتیەوە ناتوانێت ئەو ڕاستیە لای خەڵکی بشارێتەوە کە دەستگیر کردن و دادگای کردن و حوکمدانی دکتۆر کەمال سەرکوتی سیاسیەو هێرشێکە بۆ سەرجەم کۆمەڵگا و ئازادیخوازی , دادگای ئەستەمبوڵ " زولکۆڤ کیسانال " بە 1860 دۆلار سزا دەدات بەپێی قسەکانی دادگا نووسەر سووکایەتی بە نەتەوەی تورك کردووە لە لە کتێبی " گوندە دوورە دەستەکان " لە ساڵی 1994 بلاو کراوەتەوە. دادگای یەکێك لە وولاتە شۆڤێنی و سەرکووتگەرەکانی ناوچەکە بەرانبەر کارێك کە بە سووکایەتی ناوی دەبات سزاکەی بڕێك پارەیە , بەڵام سزای دکتۆر کەمال چونکە سەرکوتی ئازادی و کێشانی تەلبەندە بەدەووری قەڵەمی ئازاد و ئینسانە ئازادیخوازەکان , بەبێ هیچ پڕ نسیبیەکی ئینسانی و سیاسی و یاسای لە لایەن پارتیەوە 30 ساڵ زیندانی بەسەر دکتۆر کەمال دا دەسەپێنێت . زیندانی کردنی دکتۆر کەمال زیندانی کردنی تەنها کەسێك نیە , زیندانی کردنی برای چەند خوشکێك و , باوکی چەند منالێك و , هاوسەری ژنێك نیە ,سەرەڕای ئەوانەش دەستگیر کردن و حوکمدانی دکتۆر کەمال سنووردانان و خەتی سوری دەسەلاتە بۆ ئەو ئازادییەی خەڵکی کوردوستان و نووسەران و ئازادیخوازان خەباتی بۆ دەکەن .

بەرگری لە دکتۆر کەمال بەرگریە لە ئازادی سیاسی و بیروڕای سەربەست ئەرکی هەموومانە ئەو کەسانەی کە دەمانەوێت ئینسانەکان وەك ئەوەی کە خۆیان دەیانەوێت بیربکەنەوەو تەعبیر لە بیرو بۆچوونی خۆیان بکەن بێینە مەیدان و بە دەسەلاتداران بڵێین ئێوە سەرکوت دەکەن و ئێمەش خەبات بۆ ئازادی ڕادەربڕین و حورمەتی ئینسانەکان دەکەین , ئەرکی هەموومانە سیناریۆیەك کە ناوی نراوە دادگا ڕسوای بکەین و ماهیەتی دژە ئازادی و ئینسانیەکانی ئاشکرا بکەین , دادگایەك کە هەتا ئێستا ژن کوژێکی تێدا سزا نەدرابێت , دادگایەك هەتا ئێستا پالەوانێکی شەڕی ناوخۆی تێدا دادگای نەکرا بێت , دادگایەك فایلدار و بازرگانێکی یاریکەر بەسەر ژیان و پارووی دەمی خەڵکی تێدا ڕووبەڕووی تاوانەکانی نەکرابێتەوە , بە دڵنیایەوە ئەو دادگایە دەبێت دکتۆر کەمال و چەندین ئینسانی ئازادیخواز و ئینساندۆستی تێدا ببێتە نیشانەی سەرکووت و دوورینی دەمی ئەوانەی ڕاستی دەڵێن و بیروباوەڕی خۆیان بەیان دەکەن دەبێت دکتۆر کەمال ئازاد بکرێت دەبێت دەسەلاتداران ئازادی سیاسی بە ڕەسمی بناسن و واز لە سەرکووت بهێنن .